ئیبراهیم عەلیزادە – سکرتێری سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)



# مافی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکی کورد لە تورکیایە بۆ دیفاع لە خۆی و بۆ بەدەستهێنانی مافی پێشێلکراوی دەست بداتە چەک


ئامادەکردنی: ئاسۆعوسمان

Asoahmad2004@yahoo.com

Lawa_0@hotmail.com


بەم دواییانە رەوشی باشووری کوردستان زنجیرەیەك گۆڕانکاریی بەخۆوە بینی لەچەشنی ئەگەری لەشکرکێشی سوپای تورك لەهەمان کاتدا فایلی ئێران گەیشتۆتە قۆناغێکی نوێ،بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسەو چەند تەوەرێکی تری پەیوەندییدار بە رەوشی ئەمڕۆی کوردستان چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی (ئیبراهیم عەلیزادە)ی سکرتێری سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)کرد بەمشێوەیە:

پ: دوای کوژرانی چەند سەربازێکی تورك گرژیی و ئاڵۆزیی گەورە لە نێوان سنووری هەرێمی کوردستان و تورکیا ڕوویدا سوپای تورك بڕیاری لەشکر کێشی داوە بۆسەر هەرێمی کوردستان. ئێوە چۆن لەم هەنگاوەی تورك دەڕوانن؟

عەلیزادە: ئەوە یەکەمجار نییە کە سەربازی ئەرتەشی تورکیا لەشەڕ لەگەڵ گەریلاکانی (پ.ك.ك) دا دەکوژرێ و جێگیر بوونی هێزەکانی (پ.ك.ك)ش لە سنوورەکانی قەندیل پێشینەیەکی چەند ساڵەی هەیە. هەروەها پەلاماری ئەرتەشی تورکیاش بۆسەر خاکی کوردستانی عێراقیش ڕووداوێکی تازە نییەو تا ئێستا چەندین جار هێزەکانی تورکیا هاتوونەتە ناو قووڵایی خاکی کوردستانی عێراقەوە.کەوابێ بۆ ناسینی ئەو سیاسەتەی ئێستای دەوڵەتی تورکیا لەمەر هەڕەشەی پەلاماردان و پەسەند کردنی بڕیاری هێرش بۆ سەر کوردستانی عێراق لە پەرلەمان و پڕوپاگەندەیەك کە لەم بابەتەوە خستوویەتە ڕێ، پێویستە بەشوێن هۆکاری سیاسی تازەدا بگەڕێین.

بەڕای من لەم کێشەیەدا (پ.ك.ك) و کوژرانی سەربازی تورکیا بیانوویەکن بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی سیاسی لە حکومەتی عێراق،لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و تەنانەت تا ڕاددەیەك لە ئەمریکاش.چارەسەرکردنی کێشەی (پ.ك.ك) لە سنوورەکانی عێراق، ئەگەر لەسەریشی جیدی بێت، بۆ دەوڵەتی تورکیا تەنیا دەتوانێ ئامانجێکی لاوەکی ئەم سیاسەتە بێ.کاتی هاتنە کایەی ئەم هەڕەشانە سەرنجڕاکێشە، ئەم ئەزمەیە لە کاتێکدا بەئانقەست پەرە پێدەدرێ کە قسە لەپێکهاتەی داهاتووی دەسەڵاتی سیاسی لەعێراق دەکرێت،قسە لەکەمکردنەوەی حزوری هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکرێ، یاسای نەوت لە عێراق لە بەردەم پەسەندکردنی نیهایی دایە، وادەی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 لەسەر مەسەلەی کەرکووك خەریکە تەواو دەبێ و هۆکاری بابەتی تری لەم چەشنە.

دەوڵەتی تورکیا وەکو هێزێکی گەورەی ئەو ناوچەیە دەیەوێ کاریگەریی خۆی لەسەر ڕەوتی بەرەو پێش چوونی هەموو ئەو ڕووداوانە دابنێ. زەبرو زەنگ و نواندنی سەربازیی یەکێك لە ئامرازەکانی ئەو سیاسەتەیە.

پ: ئێستا سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان داوا لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن کە چەکەکانیان دابنێن و خەباتی سیاسی دەست پێبکەن و ئێوە لەم هەڵوێستە چۆن دەڕوانن؟.

عەلیزادە: جێگاو شوێنی خەباتی چەکداریی لە بەرەوپێش بردنی بزوتنەوەی ئێستای گەلی کورد لە کوردستانی توركیا هەرچۆن هەڵیسەنگێنین، هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە هاتنە کایەی ئەم شێوەیە لەبەرەنگار بوونەوە و خەباتە بەرهەمی داپڵۆسین و کوشت وبڕی ئەرتەشی تورکیا و پێشێلکردنی مافی سەرەتایی خەڵکی کورد بەزەبری ئاگرو ئاسنە.بەرانبەر بەو هەلومەرجە ئەوە مافی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکی کورد لە تورکیایە کە بۆ دیفاع لە خۆی و بۆ بەدەستهێنانی مافی پێشێلکراوی خۆی دەست بداتە چەك.

مەسەلەی خەباتی چەکداریی (پ.ك.ك) جێگەی لێکۆڵینەوەیەکی کونکرێت ترە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو خەباتە بە بێ پشت بەستن بەقەندیل و دەرەوەی بوقاع و ئەمدیوی سنووری وڵات ودەتوانێ تا چ رادەیەك بەردەوام بێ؟ (پ.ك.ك) یا هیچ هێزێکی سیاسی چەکداریی دیکە ناتوانێ هەتا سەر لەسەر پێگەی خۆی بۆ خەباتی چەکداریی لەسەر خاکی وڵاتانی دراوسێ حیساب بکات.

ئەوە هەلومەرجێکە کە بەردەوام دەتوانێ گۆڕانی بەسەردا بێ. کە وابێ ئەگەر لەسەر رەوا بوونی خەبات و موقاوەمەتی چەکداریی لەو وڵاتانەی کە خەڵکی کورد تێیدا بێ ماف کراوە قسەیەکمان نەبێ، ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە سنووری ئیمکانات و هەلومەرجی دیاریکراودایە، لە سنووری دیاریکردنی ستراتیژی سیاسی و ئەولەویەتەکاندایە، کە ئەوەش ئیشی سەرکردایەتی (پ.ك.ك) خۆیەتی کە پێویستە دیاری بکات.

پ: حکومەتی ئێران لەم هەلومەرجەدا هەڵوێستێکی نەرمتری لەوڵاتی سوریا هەبوو ئێوە ئەمە چۆن دەبینن؟

عەلیزادە: لە پەیوەند لەگەڵ هەڕەشەکانی ئەم رۆژانەی دەوڵەتی تورکیادا رژێمی کۆماری ئیسلامی نەك هەر هەڵوێستی نەرمی نەبووە، بەڵکو خۆی بەشێك لەم سیاسەتەیە کە هەر ئێستا هاوئاهەنگ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، بۆ هەمان مەبەست کە پێشتر باسمان کرد بەکاریدێنێت. تۆپباران کردنی سنوورەکانی کوردستانی عێراق و باخ و رەزو مەزرای خەڵکی هەژاری ناوچە سنوورییەکان ئاور تێ بەردان، لەپاڵ بێ هەڵوێستی دەوڵەتی ئەمەریکا سەبارەت بەم رووداوانە و هەڵوێستی لاوازی دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق، هەموو نیشانەی هاوئاهەنگییەکی بەکردەوەن کە بە مەبەستێکی دیاریکراو بەرێوە دەچێ.

سێ دەوڵەتی تورکیا، ئێران و سوریا، سەرەڕای ناکۆکی و ململانێیەکانیان لەگەڵ یەکتر، لەسەر مەسەلەی کورد بەگشتی هەڵوێستی بە کردەوە وەکو یەکیان هەبوو. ساڵەهایە ئەم سێ دەوڵەتە، لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دانیشتنی هاوبەش بۆ یەکخستنی سیاسەتەکانیان لەسەر مەسەلەی کورد بەرێوە دەبەن. دیارە هەر کامەیان لەرێگەی دەزگاکانی موخابەراتی خۆیانەوە، هەوڵی تایبەت بە مەبەستی بەرژەوەندیی تایبەتیش دەدەن و ئەم جۆرە کردەوانەیان تا ئێستا هاندەری گەلێك شەڕو تێکهەڵچوونی ناوخۆیی و پیلانی موخابەراتی دیکە لەسەر گۆرەپانی سیاسی کوردستان بووە. جیاوازییەك کە جاروبار لە سیاسەتەکانیان دا بەدی دەکرێت لەو ئاستەدایە.

پ: هەڵوێستی ئەمەریکا لەم گرژیی‌و کێشمەکێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا چۆنە ، ئایا دەتوانین بڵێین ئەمەریکا پشتیوانی لەئەزموونی کوردیی دەکات لەعێراق؟.

عەلیزادە: بێگومان هەرێمی کوردستان وەکو بەشێك لە دەسەڵاتی سەرانسەری لەعێراق و دەوڵەتی تورکیا هەردووکیان هاوپەیمانی ئامریکان ودەوڵەتی ئەمەریکا هەوڵدەدات بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی هاوپەیمانیەتی هەردوولایان رابگرێ. بەڵام لێرەدا دوو خاڵی جێگای سەرنج هەیە: کێ دەتوانێ نکۆڵی لەو راستییە بکات کە قورسایی لەبەرچاو گرتنی ئەو هاوپەیمانیەتییە لەسەر ئەرزی واقیع دا گەلێك بەلای دەوڵەتی

تورکیادا دەبێت؟ دووەم، زەخت و هەرەشەی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان، ئەگەر کردەوەیەکی بەربلاوی بەشوێنەوە نەبێ بە زیانی ئەمەریکا نییەو تەنانەت دەتوانێ تا رادەیەك لە ئاکامەکانیشی بەهرەمەند بێ.ئەو هەرەشانە وتەنانەت پەلامارێکی سەربازیی سنووردارێش لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەکردەوەو لەنیهایەتدا کارئاسانی دەکات بۆ بەرێوەچوونی پرۆژەی ئەمەریکا لە عێراق.

دەوڵەتی ئەمەریکا بۆئەوەی سەرکەوتنەکەی خۆی لە عێراق تەکمیل بکات و عێراق بکات بەپێگەیەکی دیکە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاست،دەیهەوێ ولاّتی عێراق سەقامگیر بێ ویەکگرتوو بمێنێتەوە. دیارە ئەوەی بۆ ناکرێ مەگەر لە قورسایی حیزبە شیعەکان و حیزبە کوردییەکان لەدەسەلاّت کەمبکاتەوە و بیداتە دەست حیزبە سوونییەکان و لەم رێگەیەوە هاوسەنگییەکی نوێ پێك بێنێ و موقاوەمەتی رەوتی سوننی و ناسیونالیسمی عەرەب دابمرکێنێتەوە.

یەکێك لەو ئامرازانەی کە دەتوانێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بخاتە هەلومەرجێکەوە کە بە بەشێکی کەمتر لەدەسەلاّتی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا رازی بێ، زەختی دەوڵەتانی دراوسێیە. ئەو کارەی کە ئەمەریکا خۆی ناتوانێ بیکات بەدەستی دەوڵەتانی دراوسێ دەتوانێ جێبەجێی بکات. ئەو سیاسەتە نەك هەر حیزبەکانی دەسەلاّتدار، بەڵکو بیروڕای گشتیش دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە بۆئەوەی ئەوانیش نەبنە ئامرازی زەخت بەسەر حیزبەکانیانەوە.

بۆیە لێرەدا گەمەیەکی ئاڵۆزکاو خەریکە بەڕێوە دەچێ، پلانێکی یەکگرتووی لەپێشدا دارێژراوی لەپشت بێ و چ بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەنەکانی کێشەکە بەگشتی، بەکردەوە یەکیان گرتبێتەوە، ئەوەی کە زیانی پێ دەگات مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستانە کە هەر لایەنە بەپێی بەرژەوەندیی خۆی بەشێکی لێ کەمدەکاتەوە و یان بەشێکی پێشکەش دەکات.

پ: ئەگەر هاتوو کێشەکە بەرێگاچارەی ئاشتی چارەسەر نەبوو سوپای تورك بڕیارەکەی جێبەجێکرد ئێوە هەڵوێستتان چۆن دەبێت دەمەوێت ئەوە بزانم ئێوە ئامادەن بەرگریی لە هەرێمی کوردستان بکەن؟.

عەلیزادە: لەسەر ئەم کێشەیە و لەسەر دەستێوەردانی دەوڵەتی تورکیا، چ وەکو شەڕێکی تەبلیغاتی و رەوانی کە لە دژی خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق دەستیان داوەتێ و چ ئەگەر رۆژێك لە رۆژان، هێرشی سنوودار بکات بۆ سەر بنکەکانی (پ.ك.ك) یان هەر ناوچەیەکی کوردستانی عێراق، چ هێرشی بەربلاّوو داگیرکارانە بەرێوەبچێ، ئێمە هەموو ئەو هەولاّنە بەتوندی مەحکوم دەکەین و ئەرکی خۆمان لەپێناوی دیفاع لە خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق بەهەموو تواناوە بەرێوەدەبەین.

بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی کۆنکرێت تر مەبەست لە پرسیارەکەی ئێوەدا بەشداریی کردن لە بەرگرییەکی چەکدارانە بێ، ئەوە پێویستە ئەوە بزانن کە ئێمە لە کوردستانی عێراق کاری رێکخستن لەناو خەڵکی ئەو ناوچەیەدا ناکەین و بەرنامەی کاری پێشمەرگانەشمان ڕووی لە کوردستانی عێراق نییە. لەڕابردووشدا ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا کەچی لەتوانامانداا بووە یارمەتی خەبات و موقاوەمەتی خەڵکی کوردستانی عێراقمان داوە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی ئێمە لێرە راستەوخۆ چالاکییەکی بەرچاوی لەبواری خەباتی پێشمەرگانە لەخۆی نەنواندووە.

هەڵبەت من لاموانییە کە دەوڵەتی تورکیا لە خۆی ڕاببینێ کە پێ بنێتە ئەم بوارەوە و پەلاماری سەربازیی ئەگەریش ببێ، سنووردار دەبێ، بەڵام ئەگەر هات و وەها رووداوێك رووی دا ئەوە لام وایە ئەو خەڵکە خۆی هاندەر و رێکخەر و بەرێوەبەری خۆی بۆ موقاوەمەتێکی سەرکەوتووانە پێکدێنێ.

پ: باس لەوە دەکرێت کە جیاوازییەك هەیە لەهەڵوێستی سیاسی لەسەر کێشەی پەکەکەو تورکیا بەتایبەتی جیاوازیی لەنێوان هەڵوێستی بارزانی و تاڵەبانی ئەمە تاچەند ڕاستە؟.

وەلاّم: لامواپە هەردووك هەڵوێست لەناوەڕۆکدا، هەروەکو یەك وایە کە بەدوو زمانی دیپلۆماسی کەم و زۆر جیاواز بەیان دەکرێت،بۆ وێنە خوێندنەوەی"میلیتانت"بەرانبەر بە"سازشکار"لەم هەڵوێستەدا هەڵسەنگاندنێکی واقعی نییە. بەلاّم هەر چۆنێك بێ هەر کەلێن و کەلەبەرێك لەم بابەتەوە هەبێ دەوڵەتی تورکیا خێرا بەقازانجی سیاسەتەکەی خۆی بەکاری دێنێ.

پ: وەك چاوەڕوان دەکرا کوردەکان لەهەموو پارچەکانی کوردستان دژی لەشکرکێشی سوپای تورکیا خۆپیشاندان بکەن بەلاّم لە ڕۆژهەلاّتیکوردستان هیچ ڕێپێوان و ناڕەزایەتی دەربڕینێك نەبوو هۆکارەکەی چییە؟.

عەلیزادە: بیروڕای گشتی خەڵك لە کوردستانی ئێران لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا دژ بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیایە و نەفرەتی لێ دەکات. هەر وەکو لە ڕابردووشدا گەلێك جار نیشانی داوە بە گەرمی لەرۆژانی دژواردا پشتیوانی خەباتی عادلانەی خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق بووە و بێگومان لەداهاتووشدا هەروا دەبێ. بەلاّم بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان و ڕێپێوان لەو شێوەیەی کە لە کوردستانی عێراق دەتوانێ بەرێوەبچێ لە کوردستانی ژێر دەسەلاّتی دیکتاتۆریی ڕژێمی ئیسلامی دا، ئەگەرچی ناوممکین نییە بەلاّم کارێکی ئاسایش نییە و هەلومەرجی تایبەتی خۆی دەوێ. خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بە پەرۆشەوە ڕەوتی ڕووداوەکان تەعقیب دەکەن و بێگومان لەکاتی خۆیدا دەوری خۆشیان دەبینن.

پ: ئەگەر ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان مل بەداخوازییەکانی تورکیا بدەن. ئەم هەنگاوە نابێتە هاندەرێك بۆ ئێران کە هەمان سیناریۆ دووبارە بکاتەوەو داوای سەرکردە ئۆپۆزیسیۆنەکان بکات؟.

عەلیزادە: لێکدانەوەی ئێمە ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن لەم کێشە دیاریکراوەدا ئامانجی سەرەکی نییە بەڵکو خۆی بیانوویەکە بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاردێت.بەلاّم ئەو قسەیە بە مانای ئەوە نییە کە دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیا، چاوپۆشی لەهەموو چەشنە چالاکییەکانی هێزەکانی نەیاری خۆیان لە عێراق و لەکوردستانی عێراق دەکەن. بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا کە چاوەڕوانی پشتیوانی لە خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق لە خەباتی خەڵکی پارچەکانی دیکە و لەوانە کوردستانی ئێران دەکەین، بەلاّم لەهەمان کاتدا ستراتیژی خۆمان بۆ سەرکەوتن لەسەر بنەمای کەڵك وەرگرتن لە سنوورەکانی ئیمکاناتی ئەو دیوی سنوور دانەمەزراندووە و نامانەوێ خەباتی ئێمە لە کوردستانی ئێران ببێ بە مایەی دژواریی و کۆسپ لەسەر ڕێگەی ژیان و خەباتی خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق.

بۆ مەسەلەی سیناریۆکە، داواکاریی ئەوان گرنگ نییە، ئەوان هەمیشە دەتوانن داوای ئاوایان هەبێ و هەر ئەوەشیان لێ دەوەشێتەوە، تەحویل دانەوەیەکیش ناتوانێ لە گۆڕێ دابێ، بەلاّم گرنگ وەلاّمێکە کە پێیان دەدرێتەوە. ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان وەها ڕووداوێك ڕوودبدات. ئەوە بۆ خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق دەبێتە کارەساتێکی ئەخلاقی و سیاسی کە لە بیرەوەریی مێژووی گەلی کورد دا هەرگیز ناسڕێتەوە و هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە.

پ: دوا پەرەسەندنەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن پێتانوایە کێشەی ئەتۆمی ئێران دەبێتە هۆکاری هەلاّیسانی جەنگ لەنێوان ئەمەریکا و ئێران؟.

عەلیزادە: لەم کێشەیەدا جارێ گەلێك ڕێگەی سازان و سات وسەودا لەمابەینی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی ئەمەریکادا ماوە کە هێشتا تاقی نەکراوەتەوە. کێشەکان گەیشتوونەتە بنبەستێکی وەها کە چاوەڕوانی

شەڕی لێ بکرێ. ئەزموونی عێراق وایکردووە کە دەوڵەتی ئەمەریکا لە کێشەی لەگەڵ رژێمی ئێراندا ناچارە بە پارێزێکی زیاترەوە هەنگاو بنێ و کۆماری ئیسلامیش لەپێناوی مانەوەی خۆیدا لەکاتێکدا کە هەست بە مەترسی جیدیی بکات ئامادەی سازانی پێویست دەبێ. بەهەمووی ئەوانەوە شەڕخوازیی هەردوو لایان بە پەرەسەندنی خەباتی جەماوەریی لەدژی رژێمی کۆماری ئیسلامی وخەباتێکی جیهانیولەسەرووی هەموویانەوە خەباتی خەڵکی ئەمەریکا لەدژی شە دەتوانێ پێشی پێ بگیرێ.
خەتەری گەورە لەسەر رژێمی ئێران، ئەگەر تەنانەت بگاتە ئاستی بۆمبباران‌ێکی سنووردارێش، ئێستا کێشەی لەگەڵ ئەمەریکا نییە بەڵکو پەرەسەندن و قووڵبوونەوەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتییەکانی دژ بەرژێم لە ناوخۆی ئێران دایە.
پ: پەیوەندیتان لەگەڵ ئەمەریکا چۆنە؟.
عەلیزادە: ئێمە هیچ چەشنە پەیوەندییەکمان لەگەڵ دەوڵەتی ئەمەریکا نییە، بەڵام لەناوچەیەکدا کە ئیمکانی کارو چالاکی سیاسیمان هەیە هێزەکانی ئەمەریکا کەم و زۆر دەسەڵاتیان تییدا هەیە. بەو پێیە ئێمە سنوورەکانی کاری خۆمان لەم بابەتەوە دەناسین.